# کێشەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستان

## بەشی یەکەم

### کێشە یاساییەکان

قسەکردن لەسەر سێکتەرێک، یان گۆشەیەکی ژیان کە تێیدا دەرک بە گرفت و ئاڵۆزی بکرێت، دەبێت هەموو رەهەندەکانی بخوێندرێتەوە، تاکو بتوانرێت دیدگایەکی فراوان لەسەر بابەتەکە وەرگیرێت. میدیا لە هەرێمی کوردستان و ژینگەی میدیای هەرێم هێندە ئاڵۆز بووە، لە ئێستادا رەنگە زۆر درەنگ بێت بۆ ئەوەی باس لە رێگاچارەسەرەکانی چاکسازی لەو بوارەدا بکرێت.. وا ئاڵۆزی و شپرزی و پەرتەوازەییەی پەلی هاویشتووە، کە ئاسان نییە بە یاسایەک، یان تاکە پرۆژەیەک بتوانرێت رێکخستنێکی وای بۆ بکرێت، کە بتوانرێت بخرێتە خزمەت نیشتمان و هاووڵاتی، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە دەستەوەستان دانیشین، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێین ئەگەر لە ئێستاشەوە دەست نەکرێت بە چاکسازی لەم سێکتەرە، ئاڵۆزی و پاشاگەردانییەکە خراپتر دەبێت، بە کەمێک دەست پێ بکرێت، وردە وردە تا دەچێتەوە سەر رێچکەی تەندروستی خۆی باشترە، وەک لەوەی فەرامۆشمان کردووە، چونکە فەرامۆشکردنەکە ئەوە نییە بەو شێوەی کە ئێستا لێی نارازین بوەستێت، بەڵکو خراپتر و ئاڵۆزتر و بەرەوە پاشاگەردانییەکی زیاتر دەڕوات.

من دەمەوێت لەم بابەتە و لە زنجیرە وتارێکدا تیشک بخەمە سەر هەندێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم شپرزی و پاشاگەردانییە لەگەڵ دەستنیشانکردنی هەندێک رێگەچارە لەگەڵ هەر بەشێکیدا کە بەم شێوەیە خاڵبەندی دەکەم:

**میدیا لە هەرێمی کوردستان و ژینگەی میدیای هەرێم هێندە ئاڵۆز بووە، لە ئێستادا رەنگە زۆر درەنگ بێت بۆ ئەوەی باس لە رێگاچارەسەرەکانی چاکسازی لەو بوارەدا بکرێت**

### کێشە یاساییەکان

دەستوور و یاسا، بنەمای دروستکردنی سیستەمێکە بۆ هەر بوارێکی ژیان، نەبوونی سیستەمێکی روونی میدیای هەرێم لە دەستوور و یاساوە سەری هەڵداوە. لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا باسێک لە سیستەمی میدیا و رێکخستن بۆ میدیا نەکراوە و پێناسەیەک بۆ ئەرک و رۆڵی میدیا دیار نەکراوە، ئەو یاسایانەش کە لە هەرێمی کوردستان هەن، کەموکوڕی و گرفتیان زیاتر دروست کردووە، وەک لە رێکخستن، لەوانە:

یەکەم: یاسای ژمارە ٣٥ ساڵی ٢٠٠٧ کە ناوەڕۆکی ئەم یاسایە و کاتی دەرچوونی ئەم یاسایە، ئەو بوارانەی کە ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، پێمان دەڵێت: ئەم یاسایە لە ئاست چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە نییە کە ژینگەی میدیای هەرێمی کوردستان هەیەتی، بۆ نموونە: کاتی دەرچوونی ئەو یاسایە نزیکی ١٣ ساڵ بەر لە ئێستایە و لەو کاتەدا تا ئیستا لە رووی ژمارە، جۆر و گەشەی میدیا و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێم زۆر جیاوازن و هیچ هەموارێک بۆ ئەو یاسایە نەکراوە. هەروەها ئەو یاسایە تەنیا تایبەتە بە چاپەمەنی و یەک بەندی بۆ پەخش کە رادیۆ و تەلەفزیۆن و سۆشیاڵ میدیا و میدیای ئەلەکترۆنییە، تێیدا نییە، لە کاتێکدا بەپێی داتایەکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ئێستادا زیاتر لە ٢٠٠ رادیۆ و تەلەفزیۆن لە هەرێمدا هەیە، ئیتر سۆشیال میدیا و میدیای ئەلەکترۆنی باس ناکرێت کە چەند زۆرن. لەلایەکی دیکەوە ناوەڕۆکی ئەو یاسایە راستە جۆرێک لە ئازادی بە رادەربڕینی داوە،

**لە دەستووری هەرێمی کوردستندا باسێک لە سیستەمی میدیا و رێکخستن بۆ میدیا نەکراوە و پێناسەیەک بۆ ئەرک و رۆڵی میدیا دیار نەکراوە، ئەو یاسایانەش کە لە هەرێمی کوردستان هەن، کەموکوڕی و گرفتیان زیاتر دروست کردووە**



پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بەڵام بەشێکی ئەو پاشاگەردانییەی کە هەیە، لەو یاسایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە من نامەوێت لێرەدا لێکدانەوەی بەندەکانی تەواوی ئەو یاسایە بکەم، بەڵام دیارترینیان ئازادییەکی داوە بە دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار کە زیادەرۆیی تێدا کراوە، لە هەمان کاتدا سزاکان ناتوانێت بەر لەو ناوزڕاندن و بەرکەوتە کولتووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییە بگرێت، کە تاکەکان رۆژانە دەبنە قوربانی بەرهەمە میدیاییەکان.

دووەم: یاسای حزبەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئەم پاشاگەردانییەیە، بۆ نموونە لە بڕگەی ١ مادەی ١٣ی یاسای حزبەکان دەڵێت: «حزب بۆی هەیە دەزگای راگەیاندنی هەبێت.» ئیتر ناڵێت چەند و چۆن، جگە لەوەی ئەمە پێچەوانەی وڵاتانی پێشکەوتووی دیموکراسییە کە میدیا بەتایبەتی پەخش، موڵکی تەنیا نیشتمان و میللەتە، نەک حزب، هیچ حزبێکیش نابینیت لە وڵاتێکی ئەورووپی کە خاوەنی دەزگایەکی راگەیاندن بێت و بە ئازادی پەخش بکات بۆ خەڵک. بیر لەوە نەکراوەتەوە کە لەم یاسایە ژمارەی حزب چەند زیاد دەکات، حزبیش چەند فراوان دەبێت، نەک کەناڵێک بگرە دەیان کەناڵ دەکاتەوە، بۆیە ئێستا دەبینین حزبی بچووکیش، نەک گەورە، ژمارەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامەکانی لە سەرووی ٤٠ بۆ ٥٠ دانەیە.

لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی هەندێک حزب، میدیاکانیشیان دابەش بوون و لە موڵکی حزبییش نەماون و بوون بە موڵکی بەرپرس و کەسە باڵاکان. هەروەها بەپێی داتایەک کە مامۆستایەکی ئەڵمانی لە توێژینەوەیەک کە لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٥ نمایش کرا، هەرێمی کوردستان نۆ هێندەی وڵاتی ئەڵمانیا رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەبووە.

سێیەم: بۆشایی یاسایی لە رێکخستنی پەخش، ریکلام، ماف و ئەرکی رۆژنامەنووس و بوارەکانی دیکەی میدیا وای کردووە کە میدیا ئێستا نە لە خزمەتی پرسی نەتەوە و نیشتمانە، نە هاووڵاتی ئەرک و رۆڵی تێدا دەبینێت.

چوارەم: یاسای بەدەستهێنانی زانیاری کە ماوەی چەند ساڵێکە بڕیاری لەسەر دراوە، نەچووەتە بواری جێبەجێکردن و ئەوەش وایکردووە کە رۆژنامەنووس رۆژانە دەبێتە قوربانیی توندوتیژییەکان لەبەرامبەر دەستنەکەوتن، یان بە دواداچوونی زانیاری.

ڕەنگە قسەکردن لەسەر یاسا، زۆر زیاتر لەمەی بوێت، بەڵام من ویستم تەنیا ئاماژەیەک بکەم بۆ رێکاری چارەسەر کە ئەم خاڵانە لەخۆ دەگرێت:

١- دەرکردنی یاسایەکی گشتیی راگەیاندنمان پێویستە کە تەواوی بوارەکانی میدیا لەخۆی بگرێت و لەگەڵ بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکەی ئێستادا بگونجێت.

٢-هەموارکردنەوەی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ و یاسای حزبەکان لەو بەندەی کە تایبەت کراوە بە راگەیاندنی حزبی، تاکو رێگەچارەیەک بۆ زۆری و دەسەڵاتی میدیای حزبی بدۆزرێتەوە.

٣-لە دەستووردا سیستمی میدیا و ئەرک و رۆڵ و جۆری ئەو میدیایە دیاری بکرێت، کە پێویستە لە هەرێمدا هەبێت، تاکو میدیا بخرێتە خزمەتی نەتەوە و نیشتمان و هاووڵاتی.

**لەگەڵ کێشە ناوخۆییەکانی هەندێک حزب، میدیاکانیشیان دابەش بوون و لە موڵکی حزبییش نەماون و بوون بە موڵکی بەرپرس و کەسە باڵاکان**

**بەپێی داتایەک کە مامۆستایەکی ئەڵمانی لە توێژینەوەیەک کە لە زانکۆی سلێمانی لە ساڵی ٢٠١٥ نمایش کرا، هەرێمی کوردستان نۆ هێندەی وڵاتی ئەڵمانیا رادیۆ و تەلەفزیۆنی هەبووە**

# ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران لە هەڵکشاندایە و داوای دۆزینەوەی هۆکارەکان و چارەسەری دەکرێت



**وێڕای هەوڵەکانی حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ئامارەکانی جیابوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان نەک دڵخۆشکەر نین، بگرە زیادبوونی کێشەی هاوسەران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و سکاڵاکردن لە دادگاکان، نیگەرانیی زۆری لای هەمووان دروست کردووە. بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری، ئامارەکانی تەڵاق لە ساڵی ٢٠١٢دا ٦٠٧٩ حاڵەت و لە ٢٠١٣دا ٦٤١٧ حاڵەت و لە ٢٠١٤دا ٨٧٧٧ حاڵەت و لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٩٢٩٥ حاڵەتی تەڵاق بەرز بووەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ دابەزیوە بۆ ٥٨١٤ حاڵەتی تەڵاق و لە ساڵی ٢٠١٧ تا ئێستا ئامارێکی دڵخۆشکەری نییە، شارەزایانی بواری کۆمەڵناسیش توندوتیژیی خێزانی و خراپیی باری ئابووری و هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەکان دەزانن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان تاوتوێی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.**

**گوڵان – کۆمەڵایەتی**

بەپێی یاسای باری کەسیی عێراقی، هەم پیاو و هەم ئافرەت مافی جیابوونەوەیان هەیە، بەڵام دەبێت هۆکاری شەرعی و یاساییان هەبێت، نەك جیابوونەوەکە لە پێناو زەرەر و زیانگەیاندن بە لایەك بێت، یاخود لێکجیابووەکە بە رێگەی زۆرەملێ و بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بێت، چونکە زۆرلێکردن و توندوتیژی و زیانگەیاندن بە یەکتری، بەپێی یاسای توندوتیژی خێزانی ساڵی ٢٠١١ بە تاوان دانراوەو ئەو کەسەی کردەوەکە ئەنجام بدات، سزای بەندکردنی بەسەردا دەسەپێندرێت، سەرەڕای ئەوەش بە گوێرەی ئەحکامەکانی یاسای باری کەسیی عێراقی، زۆرینەی مافەکانی پەیوەست بە ژیانی هاوسەریی لە دەست دەچێت.

وریا مەعروف وەك کۆمەڵناسێك ئاماژە بەوە دەکات کە «کاتێك ژن و مێردێك نەیانتوانی وەك دوو مرۆڤ رێز لە یەکتر بگرن و ببنە هۆکاریماڵێکی ئارام و لە بری پێکەوەژیانێکی پڕ سۆز و خۆشەویستی هەر سەرقاڵی یەکترشکاندن بن، ئەوا زۆر جار ناچار دەبن بە یەکجاری لەیەك دادەبڕێن، لەهەمانکاتیشدا زۆر کێشە و ناکۆکی هەن کە چارەسەریان ئاسانە و نابێت درێژەی پێ بدرێت، بەڵکو پێویستە بە دانیشتن و گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن چارەسەر بکرێت.» گوتیشی: تەڵاق، بریتییە لەخۆڕزگارکردن لە بارێکی ئاڵۆز و نالەبار و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و گرێبەستی هاوسەری بەپێی یاسا، کە خۆیان لە کۆتی هاوسەری دەرباز دەکەن. ئەو رێژە زۆرەی تەڵاق کە لە کوردستان هەیە، مەترسیدارەو پێویستە هۆکارەکانی دەستنیشان بکرێت و بە جددی و دڵسۆزییەوە خەمی بۆ بخورێت و لە رێگەی دەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانەوە هەنگاوی کەمکردنەوەو چارەسەری بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. هۆکارەکانیشی بریتین لە:

**١- هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان:** ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتییانەی دەبنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خێزان زۆرن، لێرەدا ئەوانە دەخەمە بەرباس و قسەی لەسەر دەکەم کە فاکتەری دیار و زەقن، لەوانە:

*** دەستوەردانی کەسانی دیکە لە کاروباری خێزان:** یەکێك لە هۆکارە دیار و زەقەکان دەستوەردانی کەسی سێیەمە لە ژیانی تایبەتیی ژن و مێرد کە لەلایەن خانەوادەی ژنەکە، یان مێردەکەوە دەکرێت، لە ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەریشدا رێژەی ئەم هۆکارە بەرزە و ئەگەر هۆکاری سەرەکیش نەبێت لە هەر حاڵەتێکی تەڵاق، لە زۆربەی حاڵەتەکان پاڵنەرە و تەڵاق ئاسانتر دەکات، چونکە کاتێك کێشە خێزانییەکان لە بازنەی پەیوەندیی نێوان ژن و مێردەکە تێبپەڕێت، چارەسەرکردنی ئاسان نابێت، رەنگە لە هەندێك حاڵەتدا لەلایەن کەسانی دەوروبەرەوە بڕیاری تەڵاق بدرێت و فشار لە ژن و مێرد بکەن کە خواستی خۆشیانی لەسەر نەبێت. دەبینین زۆرجاران سەرەڕای ئەوەی ژن و پیاو ماڵی سەربەخۆیشیان هەیە، بەڵام خێزانەکانیان هەر تەداخولیان دەکەن، هەتا ئەگەر بێ کێشەش بن، گریمانە و گومانی خراپیان دەخەنە مێشکەوە، ئەوەش بە جۆرێك کاریگەرییان لەسەر دادەنێت، کە رۆژ بە رۆژ کێشەکانیان زیاتر دەبێت و دواجار بە تەڵاق کۆتایی دێت.

***هاوسەرگیری بە زۆرەملێ:** لە کوردستاندا لەلایەن کۆمەڵگەوە تەمەنێکی دیاریکراو بۆ هاوسەرگیری دانراوە، ئەگەر کچان و کوڕان بەو تەمەنەدا تێپەڕین و هاوسەرگیرییان ئەنجام نەدا، ئەوا ئەو کات دەکەونە بەر تانە و توانجی دەوروبەر و فشاریان دەخرێتە سەر و بێزار دەکرێن، کەم نین ئەوانەی بە هۆی ئەم نەریتە کۆنەوە ناچارکراون هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە رێگەخۆشکەرە بۆ زیادبوونی رێژەی تەڵاق، یان لەکاتی بوونی پەیوەندی خۆشەویستی و ئاشکرابوونیان، بە پاساوی پاراستنی ئابڕوویان، ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن.



*** ناپاکیی هاوسەری (داوێنپیسی):** ئەم هۆکارەش بە گوێرەی ئامارە فەرمییەکان رێژەیەکی بەرزی لە جیابوونەوەی هاوسەران هەیە، لە ئەگەری روودانیشیدا رەنگە چارەسەری مەحاڵ بێت و بە تەڵاق کۆتایی بێت، بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن ژنەکەوە ئەنجام درابێت، بەڵام ئەگەر هاتوو لەلایەن پیاوەکەوە بوو، لەوانەیە زۆر جار نەگاتە ئەو رادەیە و ژنەکەی چاوپۆشی لێ بکات، سەرباری ئەوەش راستە لەماڵێکدا دەژین، بەڵام متمانە ناهێڵێت و لە نائارامییەکی توندو ژیانێکی تاڵدا دەژین، هەمیشە بۆ تەڵاق ئامادە دەبن. هەندێك لە هاوسەرانیش بە سرووشتی خۆیان حەزیان لە خیانەتکردنە، بە بێ ئەوەی هۆکارێکی دیاریکراویان هەبێت.

* گرنگی نەدان بە یەکتر و نەبوونی رێز و خۆشەویستی لە نێوان هاوسەران و هەروەها تەکنەلۆژیا (دراما دۆبلاژکراوەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایل) بە بەشێك لە هۆکارەکانی ناپاکیی هاوسەری دادەنرێن.



* جیاوازیی تەمەن، کە زۆر جار لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی ئافرەت لەگەڵ پیاوێکی لە خۆی گەورەتر و بەتەمەنتر هاوسەرگیری دەکات، ئەویش لەبەر فشاری ماڵەوە، یان لەبەر ئەوەی قەیرە

**یەکێک لە هۆکارەکان سەرهەڵدان و زیاتربوونی کێشە خێزانییەکان، ئەو گۆڕانکارییە خێراو رواڵەتییانەیە کە بەسەر کۆمەڵگە و پەیوەندییەکاندا هاتووە و کاریگەری لەسەر جۆری خێزانەکان و بنەماکانی دروستکردنی خێزان داناوە**

نەمێنێتەوە و خۆی لە تانە و تەشەری کۆمەڵگە رزگار بکات، بەڵام لە ژیانی هاوسەریش وازی لێ ناهێنن و بە قسە و قسەڵۆك و توانج وای لێدەکەن هەستی خۆ بەکەم زانینی لا دروست بێت، تا دواجار بگاتە زۆربوونی کێشە لە خێزان و بە ئاکامی تەڵاق بگات. نەبوونی ماڵی جیاش یەکێکە لە هۆکارە بەهێزەکانی تەڵاق، ئەگەر یەکێکیش نەبێت لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوا پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ جیابوونەوە و تەڵاق. کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش هەن وەك (توندوتیژی خێزانی، فرەژنی، هاوسەرگیری پێشوەختە، دڵپیسی و گومان لە یەکتر کردن، نەشارەزایی و هۆشیارنەبوون،

**٢- هۆکاری دەروونی:** کاتێك یەکێك لە هاوسەرەکان دوچاری نەخۆشیی دەروونی دەبێت و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی خێزانی نامێنێت. یان بەهۆی نەخۆشییەکەوە هەڵکردنیان لەگەڵ یەکتری و مانەوەیان لەگەڵ یەك ئازار و ناخۆشی و مەینەتی بێت، پەنا دەبەنە بەر تەڵاق.

**٣- هۆکاری ئابووری:** زۆریی مارەیی و داواکاری زۆری ژن لە کاتێکدا مێردەکەی توانای جێبەجێکردنی ئەو هەموو داواکارییەی نییە، دەبێتە هۆی ئەوەی بکەوێتە ژێر قەرزەوە. هەروەها هەژاری و نەبوونی، کێشەی نیشتەجێبوون و ئارام نەگرتن لەسەر باری هەژاری و کاسبی مێردەکەی .

**٤- هۆکاری بایلۆجی:** وەك نەخۆشی درێژخایەن، نەزۆکی، ساردی سێکسی.

سەرباری هەموو ئەو هۆکارانەی باسم کرد، دەمەوێ هۆکاری تازەی پشت تەڵاق بخەمەڕوو، کە دەشێ کاریگەری لەسەر سەرجەم هۆکارەکانی تریش هەبێت، ئەوانیش؛ (ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکان و گەشتکردن)ـە لەدوای ئەم کرانەوەیە کە ئێستا تێڕوانینی گەنجان بۆ هاوسەرگیری و تەڵاق گۆڕاوە و هاوسەرگیری پیرۆزیی جارانی نەماوە کە بە قەفەزێك وێنایان دەکرد و هاتنەدەرەوە لێی نەنگی بوو.

**ئەو کۆمەڵناسە پێشنیار دەکات:**

«پێویستە گرنگی بە پێگەی توێژەری کۆمەڵایەتی لە دادگاکان بدرێت، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و هاوکاری بکرێت بۆ گەیشتن بە هۆکارە راستەقینەکانی کێشەی نێوان ژن و مێرد و فەرمانبەری تایبەت بە ئاماری جیابوونەوەکان دابنرێت، بۆ ئەوەی ئامار و هۆکاری راست و دروستمان بەردەست بێت، لەسەر ئەو پێوەرە هەوڵی کەمکردنەوە رێژەی تەڵاق و چارەسەری کێشەی نێوان ژن و مێرد بدۆزرێتەوە. هەروەها پێویستە هەماهەنگیی تەواو هەبێت لە نێوان دەزگا فەرمییە پەیوەندیدارەکانی وەك (ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و...هتد) و راوێژکاری خێزانی لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دابین بکرێت.»

پارێزەر لانە ئامانج، کار لەسەر دۆسیەکانی باری کەسی لە دادگاکانی هەولێر دەکات و رایوایە هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی رێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی، زۆربوونی توندوتیژیی خێزانییە، هاوکات دەڵێت: «ئێمە لە دادگاکان و لەناو بنکەکانی پۆلیس تێبینیی ئەوەمان کردووە، کەوا توندوتیژیی خێزانی بە



شێوەیەکی بەرفراوان لە زیادبووندایە و زۆرجاریش بەهۆی توندوتیژیی خێزانی، تاوان ڕوودەدات، هەروەها هۆکارەکانی دیکەش زۆرن، بەڵام کاریگەرترین هۆکاریان گرفتی دارایی، خیانەتی هاوسەری، شووکردن و ژنهێنانی پێشوەختەیە، بەشێکی دیکەی هۆکاری تەڵاق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی تەکنۆلۆژیای ئایتی بە خۆیەوە بینیوە لە بواری سۆشیال میدیا و ئینتەرنێت و بەشێك لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بوونە هۆکاری خیانەت و هەندێکیش پەیوەندی بەوەوە هەیە، زۆر ژن و مێرد بە هۆی خۆخەریککردن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییانە زۆر لە یەکتری دوورکەوتوونەتەوە، سەرەنجامی ئەو دوورکەوتنەوەیەش ساردبوونەوە و کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستیی نێوانیان بووە.» گوتیشی: «هەموو جۆرە ئالوودەبوونێك کێشە و ناکۆکی لێ دەکەوێتەوە و لایەنی دووەم بۆی هەیە داوای جیابوونەوە تۆمار بکات، ئەوەش تەنیا ئالوودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و قومار ناگرێتەوە، بەڵکو ئالوودەبوون ئینتەرنێتیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی لە ژیانی هاوسەریدا، هەموو ئەم شتانە وادەکات هاوسەران لەبەر دڵی یەکتر نەمێنن و لە یەکتری سارد ببنەوە و یەکتر بێ تاقەت و بێزار بکەن.»

توێژەری کۆمەڵایەتی لەتیف حوسێن، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: لە ڕاستیدا هۆکاری پشت زۆربوونی کێشە خێزانییەکان زۆر و جۆراو جۆرن و لە خێزان و کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەو خێزانێکی دی دەگۆڕێت، ئەمە جگە لەوەی کە ژینگە کۆمەڵایەتییەکانیش کاریگەریی خۆیان هەیە و گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەوەی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان بەسەر خێزان و تاکدا هاتووە، بەتایبەت لەپاش سەرهەڵدان و قەببوونی زیاتری قەیرانی دارایی و ململانێ سیاسییەکان، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشە خێزانییەکان دروست کردووە، چونکە بمانەوێت، یان نا، بابەتی دارایی گرنگییەکی تایبەتی بۆ خێزان هەیە و ئەگەر خێزان، یان تاك نەیتوانی بە باشی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات. یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە دەکرێت ئاماژەی پێ بکەین لە سەرهەڵدان و زیاتربوونی کێشە خێزانییەکان، ئەو گۆڕانکارییە خێراو ڕواڵەتییانەیە کە بەسەر کۆمەڵگە و پەیوەندییەکاندا هاتووە و کاریگەری لەسەر جۆری خێزانەکان و بنەماکانی دروستکردنی خێزان داناوە، بەتایبەت بابەتی تەکنەلۆژیا و نەبوونی هۆشیاری لەو بارەیەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە ئێستادا خێزانەکان وەکو پێویست ناتوانن بە سەرجەمی پێداویستی و ڕاییکردنی کاروبارەکانی خێزان ڕابگەن، بۆیە زۆرجار لە بوونی کێشەیەکی بچووکدا دەبینی شیرازەی خێزانێك سەرلەبەری هەڵدەوەشێتەوە.» گوتیشی: «لای هەمووومان ئاشکراو ڕوونە، بوونی کێشەی کۆمەلایەتی، یان خێزانی شتێکی ئاساییە و لە ناو هەموو خێزان و کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی کە ئاسایی نییە، ئەوەیە کە نەتوانرێت بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشانەدا بکرێت، بۆ ئەوەی لانیکەم هەموو ئەو خێزانانەی کێشەیان تێدایە نەکەوێتە حاڵەتی جیابوونەوەوە، کە بەداخەوە لای ئێمە بەهۆی ئەم بارودۆخە خراپەوە بەشێکی زۆر لە کێشە خێزانییەکان بە جیابوونەوە کۆتاییان هاتووە. بۆیە زۆر پێویستە تاك بە تاکی خێزانەکانی ئێمە هۆشیار بن بەوەی کە هەر کێشەیەك کە ڕوو لە خێزانەکان دەکات، بە بێ هۆکار و چارەسەر نییە، بۆیە پێویستە هەمیشە زمانی دیالۆگ و تێگەیشتنی دوولایەنە لەنێوانیاندا هەبێت، بۆ ئەوەی چیتر ڕێگە نەدەین شیرازەی خێزانەکانمان بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچێت.

**بەپێی ئاماری ئەنجومەنی دادوەری، ئامارەکانی تەڵاق لە ساڵی ٢٠١٢دا ٦٠٧٩ حاڵەت و لە ٢٠١٣دا ٦٤١٧ حاڵەت و لە ٢٠١٤دا ٨٧٧٧ حاڵەت و لە ساڵی ٢٠١٥ بۆ ٩٢٩٥ حاڵەتی تەڵاق بەرز بووەتەوە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ دابەزیوە بۆ ٥٨١٤ حاڵەتی تەڵاق و لە ساڵی ٢٠١٧ تا ئێستا ئامارێکی دڵخۆشکەری نییە**

